www.kurdistannet.org
02/04/2002 18:56

# دیدارێکی کورت!!

حەسەن سەیدیاقی

بەڕێکەوت،کەهەندێك جار ڕێکەوت دەبێتە پێویستی ژیان،لەگەڵ هاوڕێیەکدا بڕیاری گەشتێکی کورتمان بەرەو شاری هالە ولایپزیگ دا.ئەو بەرەو لایپزیگ و منیش بەرەو هالە.زەنگی تەلەفۆن لێیدا.پاش هەواڵپرسین و قسەوباس،هەنسکی گریان تێگەیشتنی وشەکانی گرانتر دەکرد.

_ سەعات ١٠ی شەو وەرە بۆ...

_ با بزانم، جارێ میوانم هەیە...

بەهەرحاڵ من دژ نەبوم. جێگەی یەکتر بینین،دیسکۆیە.درۆناکەم ئەگەر بڵێم :دووەم جارمە بچمە ئەو جێگایانە.کاتێك مۆسیقاو گۆرانی و سەما تێکەڵ بوو بوون،دونیایەکی تری لا دروست کردم.سەرنجم لەسەماکەران دەدا.هەر یەك بە ئاواز و سۆزێك، ئێش و ئازارە دەرونیەکانی دەردەبڕی و لەگەڵ ئاوازەکاندا تێکەڵ دەبوون و منیش خولیای هەڵمژینی هەوایەکی پاك بووم.کە بۆکرووزی پێدەشتی شارەزوورو بەرزیی قەندیلی دەنواند. ژیان وایە: هەندێك لەگەڵ ئاوازەکاندا تواببوونەوەو هەندێکیش ئۆقرە لێبڕاو بوون و سەرسامی و دوودڵی شێواندبوونی و خولیای کامەرانی و بەسەربردنی کاتێکی ئاسوودە بوون.لەوکاتەدا کە ئەندێشەکان قوڵتر دەبن و زامەکانیش بەسۆتر،لاوێکی ڕێکوپێك و قۆز،سەرنجەکانی تێکەڵ بەخولیاو سەرنجەکانی من کردبوو.سەرەتا قەڵسیەك دایگرتم،چونکە لای ئێمە ئەوە ئاسایی نییە کوڕێکی گەنج بەو شێوە سەرنجت بدات. زۆر شت بەخێرایی بەبیرمدا هاتن،وام هەست کرد ئەوە مرۆڤێکی ئاسایی نییە.لەو دەمەدا کەسەرمەستی بیرکردنەوە بووم،لێم نزیك بوویەوە و دوای سڵاوکردن :دەتوانین بیرەیەك پێکەوە بخۆیینەوە؟!

سەرم بۆ لەقاندو پرسیم :دەڵێیت چی ؟!

_ دوو بیرە بانگ بکە،من پارەکەی دەدەم! (دەمێك بە ئەڵمانی و دەمێك بە ئینگلیزی دەدوا) . دیسان خۆم هەڵە کرد و نەمویست زیاتر بڵێم، چونکە لەسەر بیرکردنەوە کۆنەکەم بوم: تۆ بڵێت ئەمە ئاسایی بێت! ئاخۆ چی دەوێت ؟چەندین پرسیاری تر لە مێشکمدا دەسووڕانەوە.

_ بەیارمەتی دوو بیرە بانگ کە!

لەبیری خۆمدا وتم : (سیروان لێتدەم هەر دەمبەی لێت نەدەم هەردەمبەی!) ،لەبەر خۆوە: کوڕە چ دەبێت،خۆ ئەو لالا موو دەکات.

کچە شۆخی گارسۆنم بانگ کرد: دوو بیرە،تکایە!

٠فەرموون

ویستم پارە بدەم، بەڵام لاوەکە ناڕەزایی دەربڕی.پارەکەی داو پێکەکەی بەرزکردەوە :نۆش (پرۆست) .

هات بەبیرمدا چەند پرسیارێکی کورت و خێرای لێ بکەم. تۆ کێیت ؟ لە کوێوە هاتوویت ؟ چەند ساڵییت و..چەندین پرسیاری پچڕپچڕی تر.

_ناوم جۆنە... خەڵکی ئەمریکام..سانتیاگۆ، تەمەنم ٢٣ ساڵە..!! ئاهێکی هەڵکێشاو لێوی دەلەرزی: زۆر بێزارم ... زۆر

وتی: ئەی تۆ خەڵکی کوێیت، بۆ سەما ناکەیت!

_خەڵکی کوردستانم.

_ چۆن، کوێ ؟!

_ کوردستان.دەکەوێتە سەروی عێراق و..قسەکەم تەواو نەکرد و پرسی :

_دەزانی شەڕ مانای چی ؟!

_ بەڵێ ئەی چۆن، من لەگەڵ شەڕ و چەوساندنەوەدا لەدایك بووم ...

هەڵوێستەیەکی کرد و وەکوو داری بــی دەلەرزی و پرسی :

چۆن ؟! دەزانی مرۆڤ کوشتن چەند قورسە.. هەست بەئازار دەکەم.. دەزانی.... چاوە گەشەکانی بەرەبەرە کزدەبوون و فرمێسکیان تێ دەزا.

_ من سەربازم..

چۆن؟ چیت وت ؟

_ سەربازم... لەکۆسۆڤۆ، دوو هەفتە مۆڵەتم هەبوو، لێرە بەسەرم برد و سبەی دەگەڕێمەوە،بۆ جەنگ..بۆ کوشتن..ئای کە قورسە.. بێزارم..

ئارامی لێ بڕابوو،بە هەموو هێزییەوە مستێکی لە مێزەکە دا.لەو لاوە شۆڕە سوارێکی ئەڵمانی هاتە دەنگ و وتی: ئەوە چییە ؟! بێ دەنگ و ئارام بە!!

لاوەکە کەخوێنی دەمارەکانی کەفی کردبوو،بە توندی یەخەی گرت و وتی: ئێوە..ئا ئێوە..تێناگەن..ناشتانەوێت تێ بگەن!! دەزانی شەڕ مانای چی ؟!

کابرا سرتەی نەکردو لێیدا و ڕۆشت..ئەوجا وتم: ئێ چیتر !!

_سبەی دەگەڕێمەوە!

بەچاوێکی پڕ لەفرمێسك و بە ئاهێکی پڕ لە سۆزو بەزەییەوە، کەبەڕاستی مرۆڤی دەهەژاند،بەسەرو سیمایەکەوە کە پەشیمانی لەکارو کردەکانی دەردەبڕی:

_باوەڕ بەناتۆ مەکەن..بەڵێ ناتۆ..هەرچی وت ڕاست نییە،من نزیکەی چوار ساڵە سەربازی (CIA) یم،لەچەند هەفتەی ڕابوردوودا سێ کەسیان پێ کوشتووم.ئای چەند تاوانێکی گەورەم بەئەنجام گەیاندووە،هەست بە ئازار دەکەم،نامەوێت.. کاری وام ناوێت.. حەزم لێی نییە،بەڵام دەبێت بیکەم.. فەرمانە و دەبێت جێبەجێی بکەم.

ئەم قسانەی لەشێوەی وڕێنەدا دەکردو لەناخمدا گڕی ڕق و توڕەیی بەرامبەر ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هەڵگیرسا،کە چۆن لاوان فریوو دەدەن، دەستیان بەخوێن سوور دەکەن، لەسەر دڕندەیی ڕایاندەهێنن،بەڵێ دڕندەیی، بۆیە هەوڵمدا زیاتر ببیستم..ڕاستییەکان وادەردەکەون.بەڵام بەداخەوە چەندین لاوی وەکوو ئەو لاوە، لەئێش و ژاندا دەژین و لەساتەوەختێکی وادا هەست بەگوناهەکانی خۆیان دەکەن. ویژدانیان سزایان دەدات.بیر لە خۆشەویستەکانیان دەکەنەوە، چونکە ژیان بێ خۆشەویستی چ مانایەك دەبەخشێت!

زۆر بێ ئاگایانە کەوتەوە دوان:

_ئای خۆشەویستەکەم..بیرت دەکەم.. ماچت کردم و گریایت!!

_چۆن؟

_گریا.. زۆر گریا !

ئەمیش چاوی پڕ بوو لەگریان..

پێم وت: خۆشەویستەکەت لەگەڵدایە، هاوتەمەنتە ؟

_ نا.. لەگەڵمدا نییە.. سەفەری کردووە، لە مۆسکۆیە، تەمەنی ٢٠ ساڵانە و نا ئارامە بۆ من، دەترسێت یەکتر نەبینینەوە و بکوژرێم، زۆر میهرەبانە، منی زۆر خۆش دەوێت.

زۆر بێ ئارام بوو.فرمێسك لەچاوەکانیدا قەتیس مابوو. دڵی پڕ بوو لە ئازارو بە ئاستەم گریانی بەند کردبوو. لەتاو ئازارەکانی زوو زوو بە مستەکۆڵە بە مێزەکەیدا دەکێشا.

ژیان ئەمەیە: شانۆیەکەو مرۆڤەکان بەڕەنگ و بۆی جیاجیاوە، نمایشی تێدا دەکەن.

چەند سەختە کاتێك ویژدان دەجوڵێت و هەست بەتاوانەکان دەکەیت.بەڵام پاش چی ؟! پاش ئەوەی مرۆڤ دەکەوێتە ناو تۆڕەکانەوە، وەك مێشولەیەك کاتێك کە دەکەوێتە تۆڕی جاڵجاڵۆکەو پاشان دەخورێت، ئاوەهاش کاتێك کە مرۆڤ دەکەوێتە ناو تۆڕی نەخشە بۆکێشراوی خوێنمژانەوە و لە پەلوپۆ دەخرێت و پاشان بۆ دۆزەخی ژیان و مەینەتیەکان بەڕێ دەکرێت. هەزاران و ملیۆنان دەبنە سەربازی ون و ونتر دەبن